ئاوێنەی ژینم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح

کتێبی یەکەم

ئاوێنەی ژینم

یادداشتەکانی شاکر فەتاح

لەگەڵ ڕۆژنامەکانی: خورماڵ، باسەرە، چەمچەماڵ، ئاکرێ و
پرۆژەی خوێندەواری کورد

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

ناوی کتێب: ئاوێنەی ژینم – کتێبی یەکەم لە سەرجەمی بەرهەمەکانی شاکر فەتاح
دانانی: شاکر فەتاح
ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢١٥
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٣
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٤)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

پێشدەستی

شاکر فەتاح

پیاوێکی دەگمەن تا پلەی شەهادەت

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان...

کە دەزگەی ئاراس ڕووی لێ نام بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی نووسەری شەهید شاکر فەتاح، زۆر خۆشنوود و خۆم بەبەختەوەر زانی؛ چونکە ماوەیەکی زۆر بوو کە منیش لە خودی خۆمدا ئەو خولیایەم دەهێنا و دەبرد، بەڵام کە بیرم لە کاری چاپکردن و بڵاوکردنەوەکەی دەکردەوە... خاو دەبوومەوە، حەزم کرد هەر دەزگەیەکی لە چەشنی ئاراس ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ، چونکە تێچوونی چاپکردنی هەمیشە ئاستەنگێک بووە لەبەردەم نووسەراندا.

شەهید شاکر فەتاح، پیاوێکی ئاسایی ناو کۆمەڵەکەمان نەبوو کە بەدرێژایی ژینی پابەندی کار و وەزیفەکەی بووبێ و دواتر خانەنشین کرابێ و دیسانەوە هەلی بۆ ڕەخسابێ و کەوتبێتەوە خزمەت، خزمەتکردن لە دامەزراوێکی دژ بەداوا ڕەواکانی میللەتەکەی، دوایی هەڵەیەکی لە پیلکە دەرچووبێ، بووبێتە مارەکەی شێخ ئۆمەر و لە گەردنی ئاڵابێ تا ئاستی هەناسە لێ بڕین و تاساندن.

زۆرن لەو جۆرە کەسانە، لە گەرمەی (خزمەت)یاندا هەڵەیەک لە دەستیان دەرچووە و... دوایی لەسەر ئەو سنووقەی کە تیایدا ناردوویانەتەوە بەدەست و فلچەیەکی نارێک ڕەنجی پێشووشیان بەبا دەدا...!!

ئەم وەک لێی دەدوێن: «لە مێژووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەکدا کەسانێک پەیدا دەبن، چ بەنووسین. یا بە پەند و ئامۆژگاری، ئەو بەهاو چاکە گشتییانە دەپارێزن و خەڵکی بۆ ڕێنمایی و پابەندبوون بەوانەوە ڕادەهێنن؛ لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە کەسانێکی وا پەیدا دەبن، هەرچەند کەمن، کە لە پێناو بەرجەستەکردن و پاراستنی ئەو بەها گشتیانەدا، گیانی خۆیان بەخت دەکەن، واتە: بەهادارترین بەهای وجودیان کە خودی ژیان و مانەوەیانە دەکەنە فیدای بیر و باوەڕیان، هەر بۆیەشە کە دەڵێم: شاکر فەتاحی شەهید بەلای منەوە، یەکێکە لەو شەخسییەتە مێژووییانەی نەتەوەی کورد».(١)

ئا لێرەدایە جیاوازیەکە بەڕاشکاوی دەردەکەوێ: کەسایەتییەکی خاوەن باوەڕێکی نەگۆڕ بەمافی نەتەوەکەی، وەک مرۆڤ، بەژیانێکی سەربەرز و ئازاد و دوور لە چەوساندنەوە و داگیرکردن، ژیان و کار و چالاکی خۆی بۆ ئەو پێناوە تەرخان دەکات، بەشێوازێکی هێمنانەی دوور لە توندوتیژی کە هەست و

(١) فەلەکەدین کاکەیی: شاکر فەتاح شەهیدی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، لە دەسنووسێکی شاکر فەتاحی شەهید، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨، ل ١٧٦.

نەستی ناسکی ڕێگای پێ نادات هەتا بەرامبەر دوژمنەکەشی ڕەقی و زۆرەملێ بنوێنێ، ئەم هەر لە سەرەتای ڕێگایدا ئەو خواست و ئامانجەی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە. بڕوانە ئەم ئاوێنەی ژینەی کە چۆن شەوقی ئەو حەقیقەتە بەرجەستەکراوە دەداتەوە کە لە هەرزەییەوە تا ئاوابوونی ئەستێرەکەی هەمیشە و لەهەر جێیەک بووبێ ئەو نەتەوە و گوزەران و ئازادی و ئازادی ڕادەربڕینی لە لا لە هەموو شت لە پێشتر بووە... منالّ دەبن، لەو ماوە کەمەی حوکمی شێخ مەحموودا، لە سلێمانی، ئەو بەحەسرەتەوە یادی دەکاتەوە: «دڵی هەموو لایەکمان خۆشبوو بەو ئازادی و سەربەستییەی کە دەست نەتەوەی کورد کەوتبوو، هەر ڕۆژە بازێکمان دەدا بەرەو سەربەرزی و تێگەیشتن و کامەرانی».

دەبێ ئەو ڕاستییە مێژووییەش لەمەیدا بخەینە بەرچاو کە هەرچی چینی دەوڵەمەند و بازرگانەکانە، ئەو ڕۆژانە، بەستنەوەی باشووری کوردستانیان بەبەغداوە لە لا باشتر بوو، شاکر فەتاحیش کوڕی یەکێک لەو خانەوادە و بنەماڵانە بوو لە دەرگەزێن، بەڵام خۆشەویستی نەتەوەی هێند چوو بوو بەدڵدا کە (رفض الطبقي)یەکی لە لا دروست کردبوو.

شێوازی هێمنی و دوور لە توندوتیژی لە خەبات و هەوڵدانیدا وەک زۆر کەس، لە دوای تەجرەبە و تاقیکردنەوەی درێژی ژیاندا نەبوو، لە هەرەتی لاویشیا هەر بەو شێوازەوە پابەند بووە، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە: بۆ لە ژیانیدا نەچۆتە ناو هیچ تاقم و حیزبێکی سیاسییەوە؟

ڕاستە ئەو کە فامی کردۆتەوە و بۆتە لاوێکی ئاگا بەڕووداوەکانی دەوروپشتی، نەتەوەکەی لە نوشوستییەکەوە بۆ یەکێکی دی دەچوو، نسکۆ لە دوای نسکۆ بەرەو ڕووی کورد دەبۆوە، شۆڕشەکانی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری، شێخ عەبدوسسەلامی بارزانی، شێخ مەحموود و سمکۆی شوکاک، شێخ سەعیدی پیران، دەرسیم و بارزانی یەکەم... ئا ئەمانە هەموویان کەش و هەوایەکی سامناکی لە ناواندا خستبۆوە، بێ ئومێدی و دەست لە خۆشتنی لە دەروونەدا دەئاخنی، لەو ڕۆژانەدا ئەوەی بەپێچەوانەی تەوژمەکانەوە، دەڕۆیی و سنگی دەدایەبەر تەنیا چینی خوێندەوار و ئەوانە بوون کە بەڕاستی چسکەی ئاگری داگیرکردن و زوڵمەکە دەیبرژاندن.

ئەم لەوانەبوو کە لە نزیکەوە هەستی بەئازارەکانی دەکرد، کسپەی ئازاری شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە دڵ دەرنەدەچوو، هانی دەدا، وەک کسپەکانی تر، بۆ زیاتر بەتەنگەوە هاتنی گەلەکەی... هەتا ناردنی کارتی جەژنە پیرۆزەی بەلاوە شوورەیی دەبێ، دەڵێ: چۆن جەژن بکەین و نەتەوە وا لەژێر باری خەمدا؟ کە لە لوبنان دەبێ و لەگەڵ هاوەڵە عەرەبەکانیدا دەخوێنێ، لە یادی لەدایکبوونی مەلیکی عێراقدا دەیانەوێ زەماوەند بکەن.

ئەم تیادەمێنێ، لە نێوان ئەرکی برادەرایەتی ئەوان و کوردبوونی خۆی کە هێشتا یادەوەرییە تاڵەکان بەبەرچاویەوەن... دوایی بڕیار دەدا:

– ئەگەر نەیکەم دەبێ ٣٥ هاوڕێ لە خۆم بکەم، بەڵام کورد و بەرزێتی کوردایەتی لە هاوڕێیەتی گەورەتر نییە؟

لە ژیانی وەزیفەیشیدا هەر هەمان بیر و هەڵوێست و پاڵنەر لەنگەری کردەوەکانیان گرتووە، چۆتە هەر

جێیە سەرەتا بیری لە چۆنێتی دەرد و ئازارەکانی خەڵکەکە کردۆتەوە، ئەوسا گەڕاوە بەدووی ڕێگاچارە و شێوازی خزمەت بەو مەحروومانەی گیرۆدەی دەستی (نەخۆشی و هەژاری و نەخوێندەواری) بوون.

لەناو خەڵکەکەدا بێ پەروا بەدووی دڵسۆز و کوردپەروەردا گەڕاوە، ئەوەتا لە لادێی قەرە حەسەندا: لە یەک دووانێکەوە نەبێ هەستێکی بڵندی کوردایەتیم لەناو خەڵکەکەدا نەدی!!... بەڵام ئەمە پاساوی ئەوە نابێ بۆ خزمەت نەکردنیان.

چونکە ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە: (جۆری ڕژێمەکە هەر چۆنێ بێ، کاربەدەستی کوردی دڵسۆز دەتوانێ بەپێی دەرفەت، یا ئەو دەرفەتە بخولقێنێ و خزمەتگوزاری خۆی بەو خەڵکە بکات، بەڵام کە کاربەدەست ناپاک و دز و چاوچنۆک بوو، هەتا لە سایەی حوکمێکی کوردیشەوە خیانەت و ناپاکی خۆی هەر دەکات).

مێژووی ئەم قسەیەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی پێشوو، ئەمڕۆ ئاخۆ چەندان کەس بیانگرێتەوە!!... مەزنی بیر و کرداری ئەو پیاوە ئا لەمەدا بووە، چونکە: «إن الفكرة والشخصية شيئان متناقضان بمعنى معين، لكنها، من جانب آخر، تتشابهان تماماً. يعيش الأنسان وهو يتعمق في العالم الخارجي ويتفاعل باستمرار مع كافة ظواهره. وهذا هو بالضبط الطريق نحو الفكرة والشخصية»[١] ئەو ڕێڕەوەکەی ڕوون و ئاشکرا بووە، بێ وەی وەک پەپوولەیەک بەناو چەرە دووکەڵێکی پاوەنێکی سووتاودا دەڕۆیی، شەیدای پانتاییە ئاسوودەیی بوو، کە نەیدەدی... هەوڵی دەدا خۆی بیهێنێتەدی، تا دەوروبەرەکەی تیادا بحەوێنێتەوە... ئەو پیاوە لیۆن تۆلستۆی و ڕۆمان ڕۆلان و گاندی سەردەمی خۆی بوو... بەڵام لە کوردستانێکی پارچە و بریندارادا.

لەم سۆنگەیەوە دەبێ بڕوانینە کار و فەرمانەکانی، بەرهەمەکانی؛ دەیویست بەو خەڵکە بڵێ بڕوانن: گەورە پیاوانی دنیا چۆن بوونە مۆم و ڕێگای نەتەوەکانیان ڕۆشن دەکردەوە، بزانن: گەلان چۆن ژیاون و ئێستا چۆنن، تێبگەن: مێژووی ڕابردووی خۆتان بۆ پڕە لە داماوی و ستەم و جێگا شەپازلەی بیانی؟ ڕامێنن: بۆ بووینە کەوی ناو قەفەس؟! دەبانەوەی داهاتوو وا نەبێ، باهەمان هێڵی پێشوو نەکێڵنەوە، بۆ ئەمە یەکەم کەسێک بوو دەرگای ئەدەبی منداڵانی تەقاندەوە و لێی دا، لە (خانووی تازە)وە دەستی دایە بەرەو (هاوڕێی منداڵ) و... هتد.

تێفکرە، چۆن دەچووە هەر قەزا و ناحیەیەکی کوردەواری، سرەوتی نەبوو؛ چاوێکی بەمناڵە هەژارەکانی ناو ئەو ژوورە نزمە بچووکە بێ پەنجەرانەدا دەگێڕا، گورج دەکەوتە داگیرساندنی دەیان مۆمی ژیان لە ڕێیاندا... حکوومەت پارەی نەدەدا، ئەم ڕەزامەندی وەردەگرت پیتاکی بۆ دەکردن، (باخچەی گشت لایی) بۆ دەکردنەوە، ئاهەنگی گۆرانی و شانۆگەری ساکاری بۆ دەگێڕان، ڕۆژنامەیەکی دەسنووسی دیواری بەدەستی خۆی بۆ دەردەهێنان و هەر نەبێ ڕادیۆیەکی پاتری بۆ پەیدا دەکردن... هۆکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن بەساکارترین شێوە، ئاوا دەیویست دەستی ئەو کوردە بگرێ و لە کلاوڕۆژنەیەکی ئەگەر

(١) بوریس بورسوف: الواقعية اليوم وأبداً، وزارة الأعلام، بغداد ١٩٧٤، ص ١٥.

بچووکیشەوە بێ دنیای ئەو ڕۆژەیان پیشان دات. بزە سەر لێویان خات، ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێ هیلاکی و ماندوویەتی و داوماوییان لەبیر بەرێتەوە... ئەو باوک و برا و دۆستیان بوو، بەر لەوەی بەڕێوەبەری کاروباری حوکمەت بێ لە دەڤەرەکەدا.

ئێمە کە دیفاع لەو پیاوە دەگمەنە دەکەین دەبێ بەڵگەمان پێ بێ، تا خوێنەر قایل بێ. دیقەتی ئەم بەڵگەیە بدە. ورد بیخوێنەرەوە و ئەوسا بزانە ئەو پیاوە چ ڕاستگۆ و چ بوێرێک بووە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣وە حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی حزبی بەعس دەستیان کرد بەڕێکخستنی چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ نوێنەرانی حزبی شیوعی عێراق (کە ئەوسا ڕێککەوتننامەی بەرەیەکیان لە نێواندا بوو) و کەسایەتییە بێ لایەن و دیموکراتییەکاندا بەمەبەستی گەیشتن بەڕێگەچارە و شێوازێکی مەسەلەی کورد و پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان وە جێبەجێکردنی ناوەرۆکەکانی ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ کە لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕابەرەکەی بارزانیی نەمردا مۆر کرابوو. لە ڕاستیدا حکومەت و حزب دەیانویست بەم کارەیان گەلێ مەبەستی جیاجیا ئەنجام دەن: لەلایەکەوە وای بسەلمێنن کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد و بارزانیی نەمر تاکە لایەنێک نین کە نوێنەرایەتی کوردی عێراق بکەن، بەڵکو ئەو کەسایەتییە کوردانەی کە خۆی کۆی دەکردنەوە، لایەنێکی حیساب بۆ کراون... بەمەش درزێکی لە ڕووبەری بزووتنەوەکە و گەلی کورددا دروست دەکرد.

لەلایەکی دی حزبی شیوعیشی وا هێنایە کایەوە لە لایەنێکی سیاسی بەڕێوەچوونی حوکمی عێراقە (بەپێی ئەو بەرەیەی کە لە نێوانیاندا هەبوو) لەناو گەلی کوردیشدا هەر سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی و پارتەکەی نییە. خۆ هەر چەندە سەرکردایەتی عێراقی هێند ڕاوبۆچوونەکانی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی بەبایەخ هەڵنەدەگرت، خۆیان چیان بڕیاردابوو هەر ئەوەبوو، بەڵام لە ناوەرۆکدا لاوازکردنی سەرکردایەتی کورد ئامانجی بەرودوابوو... چونکە ئایندە و ڕووداوەکانی دوای ئەمانە ئەم ڕاستییەی دەرخست. دەربارەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان، ڕۆژنامەی (الثورة)ی ئۆرگانی حزبی بەعس لە ژمارە ١٣٤١ی ١٩٧٣/١/٤دا، لە سەروتارەکەیدا دەڵێ: «... كانت تلك الأوساط والعناصر -الدوائر الأستعمارية والرجعية والعناصر الحاقدة على مسيرة الثورة. أ.ب.- تستهدف، عن عمد، تشوية الوجه الديموقراطي لتجربتنا الثورية، وإظهار الحوار الصريح والجاد سواء بين ممثلي الحزبين، أو على صفحات الصحف وكأنه بداية للصراع... وليس الطريق الصائب والناضج لمعالجة مشكلات الوطن». تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ:

«وعلى هذا الأساس فقد بادر حزب البعث العربي الأشتراكي إلى إستئناف الحوار مع الحزب الديموقراطي الكردستاني وبمشاركة ممثلين عن الحزب الشيوعي العراقي والشخصيات القومية والديموقراطية».

لەلایەکی ترەوە هەر (الثورة) دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێک، لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٣/١/٣وە، لە گۆشەی (آراء حرة) بەناونیشانی (مساهمة في الحوار الكبير) بەپێنووسی (کاتب

سیاسي) ، کە گوایە وەڵامدانەوەیەکی زنجیرە وتارەکانی (التآخي)یە، بەڵام لە ڕاستیدا هێرش بردنە سەر سەرکردایەتی کورد و شۆڕشەکەی بوو، بروبیانوو هێنانەوە بوو بۆ دابڕانی جەماوەری کورد لەو سەرکردایەتییە. لە بەرچاوخستنی شەخسی بارزانیی نەمر لەلای گەلەکەی وەک ڕەمزی شۆڕش و سوربوون لەسەر داوا ڕەواکان... دیارە ئەم (لێدان و لەبەرچاوخستنە) ئامانج و ئاواتی هەموو دوژمنانی گەل و شۆڕش بووە، بۆیە لەم پێناوەدا خواهەڵناگرێ درێغیان نەکردووە. لە دوا زنجیرەی ئەو وتارەدا (الثورة) دەڵێ:

«بقيت نقطة أخيرة أود أن أمر عليها قبل الأنتهاء وهي الخاصة بتعريف العراق بأنه قطر عربي، وجزء من الوطن العربي -لايعني المفهوم الآخر القائل بأن العراق جزء من الأمة العربية.

فاعتقد أن الأعتراض على هذا التعريف هو إعتراض على حقيقة تأريخية وسياسية ودولية وعلمية، وهو إعتراض مرفوض، فقطرنا جزء من الوطن العربي ولكنه جزء يضم على أرضه شعبين- الشعب العربي الذي هو جزء من أمة عربية أكبر، والشعب الكردي الذي هو جزء من أمة كردية أكبر تبلغ ١٢ مليون نسمة... وهذا القطر هو موطن مشترك للشعبين المتآخيين عزيز عليهما كليهما، وليس أبداً -كياناً خلقه الأستعمار- »(١)

ئێمە (بەتایبەت) ئەم بەشەی ئەڵقەی زنجیرەکەمان بۆیە خستەڕوو، تا خوێنەری هێژا ڕادەی چوونە ناوەوەی باسەکان لەگەڵ میریدا بزانێ و تێبگات کە سەرکردایەتی کورد تا چ ڕادەیە پەرۆش و پابەندی (خاک) و (نەتەوە) بووە وەک دوو یەکەی تەواوکەر و لێک نەپچڕاو، بەڵام بەرامبەر چۆن لەم مەسەلە وردە گرنگەدا بەبروبیانوو هەوڵی لێڵکردنی ئەو باسە دەدات، عێراقیش بەقەبارەیەکی وا دادەنێ کە (ليس أبداً خلقه الأستعمار)، ڕاستییە مێژووییەکانی سایکس بیکۆ و کۆنگرەی قاهیرەی ١٩٢١ هەمووی گەواهن کە عێراق چۆن خولقێنرا!!

هەرچەندە باسەکەی ئێمە لێرەدا ئەمە نییە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە مامۆستا لە خوارەوە نووسیونی بەهێندی وەرگرین، وەک ڕاستییەکەی شاکر فەتاح یەکێک بووە لەو کەسایەتییە ناودارانەی لەلایەن حکومەت و حزبەوە لە بەغدا حیسابی بۆ کراوە، مەبەستیان بووە کە بەشداری بکەن لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا. وەک کەسایەتییەکی نیشتمانی بێ لایەنی خاوەن ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی، ئەوان مەبەستیان بووە کە بەشداری بکەن، کە داوەتنامەکەیان بۆ ناردووە، ئەو لە هەڵوێستی نەگۆڕی خۆیەوە بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سەرکردەی گەلەکەی، حەزی بەو بەشدارییە نەکردووە؛ چونکە بەچاکی نەزانیوە کە لە پشت ئەو لایەنەی هەر لە سەرەتادا ڕێککەوتننامەکەی یانزەی ئازاری لەگەڵدا مۆرکرا، ئەمان لە مەسەلە و پرۆژەیەک بدوێن کە ڕاستتر وابوو بەرەوڕووی خاوەنە ئەسڵییەکەی بکرێتەوە.

(١) الثورة: العدد ١٣٥٧ في ١٩٧٣/١/٢٦، الحلقة السابعة. ص ٣.

بۆیە وەک زۆری تر لەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرانە بەپیر ئەو داوایەوە نەچوو و بەشداری نەکرد.

بەڵام لە بەغدا، هەردەیانەوێ (بەهەچ شێوەیەک بێ) ئەم و ئەوانەی وەک ئەمن... ڕایانکێشنە ناو بازنەی گەمەکەوە. بۆ دووەم جار نامەیەکی تری ئاراستە دەکەنەوە.

وەڵامی ئەمجارەیان بیر خەرەوە (مذكرة)یەک دەبێ کە بەخەتی خۆی ئاراستەیان دەکا و زۆر بەڕاشکاوی و بوێرانە و ژیرییەوە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێ.

***

مامۆستا لە مانگی تشرینی دووی ١٩٧٣دا نووسراوێکی ڕەسمی مۆرکراوی لە (القيادة القطرية لحزب البعث العربي الأشتراكي -مكتب أمانه السر للقطر العراقي)یەوە ئاراستە کراوە (بەبێ بەروار، تەنیا مامۆستا خۆی لە دامێنیدا نووسیویە -أجيب في ١٩٧٣/١١/١٦ و ئیمزای کردووە) ئەمە دەقەکەیەتی:

تحية وتقدير

سبق وان وجهت القيادة القطرية لحزب البعث العربي الأشتراكي دعوة لحضوركم مناقشة مشروع الحكم الذاتي بهدف الأستفادة من رأيكم ووجهة نظركم حوله.

إن الأجتماعات التي جرت لمناقشة هذا الموضوع ومنها الأجتماع الخاص بالشخصيات الوطنية الكردية المستقلة كانت مثمرة للغاية في تقديم الملاحظات والأقتراحات البناءة حول المشروع الأمر الذي يدفعنا الى طلب المزيد من المشاركة والمساهمة في بحث المشروع وإنضاجه.

وإننا إذ نقدر تمام التقدير الظروف الخاصة الدقيقة التي أحاطت بكم وحالت دون حضوركم الأجتماع المخصص لمناقشة المشروع مع باقي الشخصيات الوطنية الكردية المستقلة، نأمل مشاركتكم في مناقشة المشروع بارسال مقترحاتكم وملاحظاتكم التحريرية التي ستكون موضوع إهتمام وتقدير الى القيادة القطرية (مكتب أمانة سر القطر - بغداد) بالطريقة التي ترونها ملائمة لظروفكم.

مع التقدير

القيادة القطرية

لحزب البعث العربي الأشتراكي

(الختم)

مامۆستاش بەم بیرخەرەوە (مذكرة)یە وەڵامێکی دەسنووسیی خۆی داوەتەوە، کە نوسخەی دووەمی، کە بەکاربۆنە، لەگەڵ نووسراوەکەی سەرەوە لە هەینی ٢٠٠٢/٧/٢٦ لەناو کۆمەڵێ نامە و نووسراوی تایبەتیدا لەگەڵ بەڕێز د. شێرکۆی کوڕیدا دۆزیمانەوە، ئەمەش دەقی بیرخەرەوەکەیە وەک وەڵامێ بۆ داواکەی (مكتب أمانة السر القطر العراقي) کە بەخەتی خۆیەتی:

القيادة القطرية لحزب البعث العربي الأشتراكي المحترم

مكتب أمانة سر القطر - بغداد

تحية طيبة وتقدير

لما كانت المقترحات التي قدمها إليكم (الحزب الديمقراطي الكردستاني) حول الحكم الذاتي في كردستان العراق؛ هي ثمرة مناقشات طويلة وعميقة عبر السنين مع المثقفين الأكراد الوطنيين والزعماء السياسيين المخلصين، فهي تعتبر بحق تعبيراً حقيقياً عن رغبة الشعب الكردي وآرائه ومعتقداته حول الحكم الذاتي في كردستان العراق، بكافة طبقاته وقواه الوطنية المختلفة.

وإذ ليس هناك أي حزب سياسي ناضل بجدارة وإخلاص في كردستان سوى (الحزب الديمقراطي الكردستاني) بقيادة زعيمه المخلص الملا مصطفى البارزاني، فهو يعتبر بحق جهة ذات إختصاص في موضوع الحكم الذاتي في كردستان العراق.

وعليه ينتظر الشعب الكردي بفارغ الصبر إتفاق حزبكم الموقر مع الحزب الديمقراطي الكردستاني على موضوع الحكم الذاتي وفق ما إقترحه عليكم الحزب المذكور.

ولما كان الوطنيون الأكراد ومثقفوهم يقدرون مواقف حزب البعث العربي الأشتراكي المجيدة في سبيل الأعتراف بالحقوق القومية للشعب الكردي في العراق بما فيه (الحكم الذاتي) و(تقرير مصيره)، ولما كانت رغبة الشعب الكردي على لسان حزبه الديمقراطي الكردستاني هي (الأتحاد الأختياري) لا (الوحدة القسرية) ولا (الأنفصال)، فإن كل وطني كردي غيور على المصلحة العامة ينتظر من حزبكم المحترم إنهاء مشكلة الحكم الذاتي في كردستان باسرع وقت ممكن... وذلك بالتعاون الوثيق وبروح الصداقة والود مع الحزب الديمقراطي الكردستاني الذي هو الحزب الوحيد الذي يمثل آمال الشعب الكردي وأمانيه.

إن شعاراتكم العزيزة: (الوحدة والحرية والأشتراكية) لتوحي إلينا، نحن الأكراد، بأنكم ستواصلون أعمالكم الجادة والخالدة في سبيل هذا الموضوع الحيوي، وذلك بالأشتراك مع صديقكم وحليفكم الحزب الديمقراطي الكردستاني، وستؤمنون للشعب الكردي (حريته وإشتراكه) في الحكم، و(وحدته) مع الشعب العربي في العراق على أساسٍ من المساواة التامة في الحقوق والواجبات بين الشعبين الأخوين (العربي) و(الكردي).

إنكم بذلك فقط تضمنون وحدة العراق الوطنية وأمنه وسلامته وتقدمه وإزدهاره. كما وتسدون كافة الثغرات بوجه أي دس أو تشويش أو فتنة تقوم بها الرجعية والحاقدون على السلطة الوطنية، وتقطعون كافة السبل أمام الأمبريالية وأذنابها لأيّ تدخل خارجي.

هذا هو الأمر الذي يتمناه كل رجل شريف، ووطني غيور، سواء كان (كردياً) أم (عربياً).

هذا وفي الختام أرجو من الله أن يوفق العاملين المخلصين للمصلحة العامة. والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

وشكراً مع التقدير

شاكر فتاح

سليمانية - محلة شورش

صاحب مكتبة (پرۆژەی خوێندەواری کورد)

١٩٧٣/١١/١٦

بڕوانە ئاوێنەی ژینی... ئەمانە مشتێکن لە خەروارێک.

دوای نسکۆی ١٩٧٥ کە شەوی دەیجوور باڵی بەسەر وڵاتدا دەدا، ئەم وەک هەموو خاوەن باوەڕێکی گەشبین و ورە بەرز... شان دەداتە بەر و دڕ بەو تاریکییە دەدا، دەیڕەوێنێتەوە و خەم دەخوات، بەڵام بەبێ دەنگ.

بەر لە سی و نۆ ساڵ ئەو لە ڕوانگەی بەراوردکارییەکەوە لە نێوان سێ نەتەوەی ئەڵمان و ئینگلیز و کورددا، کە لە (فرانکفۆرت) دەبێ، دێتە سەر ئەو ئەنجامەی بڵێ: «بڕوام وایە گەلی کورد لە سروشتدا لە ئەڵمانەکان دەکەن، هەرچەندە لە گەلەکانی دراوسێی خواناستر و کارگوزارتر و دڵتەڕتر و زیرەکترە، بەڵام داخەکەم خوێنگەرمی و سەرگەرمی و کەللە ڕەقییەکەیان تا ماوەیەکی دوور و درێژ دووریان دەخاتەوە لە یەکگرتنی ڕاستەقینە و گەیشتن بەئامانجی هەرە گەورەمان کە سەربەستی و ئازادی و سەربەخۆییە.

دەبێ لە مێژوومانەوە فێربین کە: ژیان زۆرتر پێویستی بەژیری و مەندی و زرنگی و ئارام هەیە، بەسەرچڵی و هەڵەشەیی و جەنگاوەری هیچمان بۆ ناچێتە سەر».

کرۆکی ئەم بۆچوونەی ١٩٦٣ هەر هەمان ڕاوبۆچوونی سی و چلەکانە، بەڵام لە ڕووی لێکدانەوە و بەراوردکارییەکی واقیعی وردبینانەوە.

هەر بەو گیانەشەوە، بەو بڕوایەشەوە لە دامەزراوە حکومییەکانی دوای ١٩٧٥دا بەشدار دەبێ، دەرفەت ئەگەر هەبێ یا بتوانێ بیخولقێنێ، تا لە ڕێیەوە دیسانەوە مۆمێک داگیرسێنێ.

هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم کە شاکر فەتاح بەبیر و نیازی کەسێکی سەرسەختی کەللەڕەقەوە چووبێتە ئەو دامەزراوانەوە، ئەو چەکداری ناونووس نەدەکرد، ئەو دەرزی ئاژنی جەستەی نەتەوە برینداەرکەی نەدەکرد، ئەو بڕوای وابوو -وەک چەندانی کە- کە لەو جێگایانە ئەوبێ لە داخ لە دڵ و نەزانێکی تر باشترە... چونکە دەمێک بوو ئەو چەوتی ئەو فیکرەیەی کە دەڵێ: «یا هەموو یا هیچ»ی بۆ ساغ ببۆوە.

مارف جیاووک. تۆفیق وەهبی، سەعید قەززاز، ڕەفیق حیلمی، ئەمین زەکی و جەمال بابان و... کێ و کێ... ئەمانە لە سەردەمانێکی تاریکی وەک ١٩٧٥دا، کە کارمەندی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی ساڵانی ١٩٢٥ - ١٩٥٨ بوون... ئەوانە سوود و قازانج و خزمەتیان زیاد لە بارستایی سوود و قازانجی کەسێکی بیانی نامۆ بووە بەوڵات و نەتەوەکە و بگرە داخ لە دڵیش.

شاکر فەتاح نەخشە و پلانی کاولکردن و تەقاندنەوەی کانیاو و پرد و کارێزی دانەدەنا، مەفرەزەی نەدەگەیاندە سەر ماڵ و خێزانی کپ لە باوەشی خەودا...

ئەو هەمیشە قومێ ئاو بووە بۆ ڕێبوارێکی شپرزەی گەرما بردوو لە بیابانێکی چۆلی بێ سێبەردا... کە زەمەنیش وردە وردە نێزیک دەبۆوە لە ترۆپکی تاوان و ژینۆساید، کە دوژمن ڕۆژ بەڕۆژ شوولی زیاتر لێ هەڵدەکێشا و شمشێری خوێناوی رقی بەهەر چوار لادا کوێرانە دەوەشاند... ئا لەو کاتەدا شاکر فەتاح بوێرانە دوو قسەی خێری بۆ نەتەوەکەی کرد... دوو قسە، کە مومکین نییە لە فەرهەنگی هیچ یاسا و عورف و حوکمێکدا هیچ پێویستی بە (بوێری) بکا و ئاوها سەرەنجامێکیشی لێ بکەوێتەوە.

ئەو بەپێی دەرککردنی ورد و ژیرانەی خۆی، بەشارەزایی و لێزانینی چەندەها ساڵی ژیانی، هەستی بەگەورەیی پێشهات و کارەساتە سامناکەکانی ئایندەیەکی نێزیک دەکرد. دەیزانی چ گەردەلوولێکی ڕەش و کاولکەر بەڕێوەیە... بۆیە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو دوو قسە خێرە بدات بەگوێی ئەوانەی نابیستن... بەشکم ببیستن.

گومان لە باوەڕی بەهێز و قایمی مامۆستا نییە بەخوا و ڕێنماییەکانی ئیسلام، دەیان جار ئەمە لە بیرەوەرییەکانیدا دەخاتە ڕوو، هەر لە قۆناغی لاوێتییەوە تا قەڵەمەکەی لە دەست دەسێنن.

بەدرێژایی ژیانی حوکمێکی دادپەروەر و هێدی و شەرعی بەسەرخۆی و وڵات و نەتەوەکەیەوە نەدیوە... جا بەو پێیە (تقي)یەک بووە بۆ خۆی.

خوای گەورە دەفەرمووی: «لا يَتَّخِذِ المُؤْمِنونَ الكافِرينَ أَوْلِياءَ مِنْ دونِ المُؤْمِنينَ وَمَن يَفعَل ذلكَ فَلَيس مِنَ اللّهِ في شَئٍ إلاّ أَن تَتَّقوا مِنهُم تُقاةً ويُحَذِّرُكُمُ اللهُ نَفسهُ وَالى اللّهِ المَصيرُ .»

(آل العمران – ٢٨)

«تقاة: مصدر بمعنى التقية وهي أن يداري الأنسان مخافة شره». هەروەها: «التقية عند الخوف على النفس أو المال، أو التعرض للأذى الشديد» وە «التقية: أن يتكلم بلسانه وقلبه مطمئن بالأيمان».[(١)]

قسەمان لەسەر بەرپرسێتییەکەی دوای (١٩٧٥)ە، کە وەک وتمان گومان لە نییەتی پاک و خاوێنی نییە، لە ڕووکاری باوەڕی خۆیشیەوە و پابەندبوونیەوە بەئاینە پیرۆزەکەیەوە و شێوازی تێکۆشانی هێمنی و دوور لە توندڕەوی... ئەم پیاوە ئەو جۆرە مامەڵەیەی لەگەڵ حوکمی سەردەمدا کردووە کە خوا ڕێگای پێ داوە و پێغەمبەرەکەشمان (د.خ) تیایدا دەفەرمووێ: «اِنا لَنَبشُّ في وجوه قوم وقلوبنا تلعنهم».

کەواتە مودارات و موسایەرەکردنی هێز و دەستەڵاتی خراپە و شەڕانگێزان و جینایەتکاران لە ناچاریدا لەلایەن موسوڵمانەوە کارێکی دروست و شیاوە، بەمەرجێ نەبێتە مایەی زیانبەخشین و ئازاردانی کەسانی دی.

بەدرێژایی کارکردنەکەشی، چ لە دامەزراوی (ئەنجومەنی گەل لە سلێمانی) و چ لە (ئەنجومەنی

(١) محمد علي الصابوني: تفسير آيات الأحكام، ج (١) –دار الأحسان للنشر– طهران، ص: ٤٠٢، ٤٠٤.

یاسادانانی ناوچەی کوردستان) لە هەولێر، بەگەواهی ئەوانەی کاریان لەو دامەزراوانەدا کردووە و لەناوماندان، لە ویستی چاکە و خێر و بەختەوەری خەڵکەکە زیاتر چی دی نەبوو، چونکە ئەو هەروا بەئاسانی ڕابردوویەکی پڕ لە شانازی و شکۆداری دوور و درێژ لەکەدار ناکا... ئەو کاتێ هەنگاوی بەرزکردەوە سەر لوتکەی تێکۆشانی خۆی، کە لە ١٩٨٨/٣/١٢دا ئەو دوو قسە خێر و پڕ لە ئازاییەی دا بەڕووی دەستەڵاتەکەدا.

ئەبوبەکری سەدیق (د.خ) دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (د.خ) دەیفەرموو: «إن الناس إذا رأوا المنكر ولم يغيروه أوشك أن يعمهم الله بعقاب – أخرجه أبوداود والترمذي والنسائي عن قيس...».

کۆششکردنەکەی ئەویش بۆ (گۆڕینەکە) بەشێوازەکەی خۆی بووە... بەقسە و داواکردن و شێوازێکی بەدەر لە توندوتیژی.

مەزنی ئەم پیاوە لەوەدابوو کە هەرچەند لەگەڵیدا خەریک بوون (بەر لە دەسگیرکردنی و لە دواییشدا) ئامادە نەبوو پەشیمان بێتەوە یا سەودا و مامەڵە لەسەر ژیانی بکات... چونکە ئەو لە (١٩٢٧)ەوە وتبووی: «... لە دوای خوا کەسی ترم لە نەتەوەی کورد خۆشتر نەدەویست. لە ڕاستیدا –کوردایەتی–م دەپەرست، بڕیاریشم دا: هەتا دەمێنم سامان و گیان لە پێناو کامەرانی و پێشکەوتن و سەربەرزیی –کورد–دا بەخت بکەم...».

ڕەنگە مەزەندەیەکی ئەوتۆش بێ کە بەشدارییکردنەکانی ئەم دواییەی بۆ پلە و پایە و پارە بووبێ؛ ئەمەش ڕاستییەکانی بار و ئاستی ژیانی خۆی جۆرە بیرۆکەیەکی وا ڕەت دەکەنەوە و دەیدەنە دواوە.

ئەو بەپێی پلەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە بنەماڵەیەکی بووە و خانەدان و موڵکدار و بازرگان بووە، وەزیفە و پایەی کارکردن لە حوکمدا هۆیەک نەبووە بۆ بەدەستخستنی پارە و سامان... ئێ هێند پارەدار و خاوەن بەرژەوەندییەکی بازرگانی ئەوتۆش نەبووە تا وەزیفە حکومییەکە بکاتە هۆیەک بۆ ململانێ و پێشکەوتن لە دنیای پارە و بازرگانی و کاردا... وەک نەیسابوری دەڵێ: «حب المال يكون في حالتين: عند كثرته منافسةً فيه، أو عند قلته حاجةً إليه. ص ٢٥٧».[(١)]

کەواتە شەهید شاکر فەتاح ڕۆڵەیەکی بەئەمەک و دڵسۆزی خاک و نەتەوەکەی خۆی بووە، پەرۆشی ئازادکردنی و ڕزگاربوونی بووە لە ژێردەستی و داگیرکردن، شەیدای ئەو ڕۆژە بووە کە گەلەکەی لە ڕووی شارستانییەوە بگاتە ڕیزی گەلانی پێشکەوتوو، حەزی بەنەهێشتنی ئەو دەردانە کردووە کە خەڵکە داماوەکەی پێیانەوە دەناڵێ (هەژاری، نەخۆشی، نەخوێندەواری...) هەرچەندە ماکی ئەمانەی هەموو دەگێڕایەوە بۆ ئەو بارە ناهەموارەی کوردستانی تیادایە بەدەست داگیرکەر و حوکمی بیانییەوە، بەڵام بەپێی ئەو دەرفەتانەی بۆی دەڕەخسان کۆششێکی بەردەامی دەکرد لە پێناو کەمکردنەوەی ئازارەکانی گەلەکەیدا، ئەو نموونەی کاربەدەستێکی دڵسۆز و خەمخۆر بووە لە حوکمێکی بیانی داسەپاو بەسەر وڵات

(١) محمد بن ابي الحسن بن الحسين النيسابوري: وضح البرهان في مشكلات القرآن، السفر الأول، دار القلم، دمشق ط١، ١٩٩٠.

و نەتەوەکەیدا، لەو جۆرە کاربەدەستە خاوێن و دەسپاکانە بووە کە مێژووی سەردەمی خۆیان شانازییان پێوە دەکات، هەروا قەڵەمە ماندوو نەناسەکەشی بەدرێژایی تەمەنی پڕ لە تەقەڵلای شانبەشانی خۆی مۆمێک بووە و تاریکایی ژیانی لەبەردەم نەوەکاندا ڕووناک کردۆتەوە... ئەم خەمخۆری و گیانی لەخۆبوردنەشی لە هۆشیدا، هەتا تەمەن بەرەو پیری دەبرد، زیاتر جۆشی دەسەند و بەبێدەنگیش خەمەکانی نەتەوەکەی لە ناخیدا پەنگیان دەخواردەوە.

شاکر فەتاح تێکۆشەرێک بوو لە جۆرێکی دەگمەن کە کورد بەخۆوەی بینی، چەکەکانی دەستی ئەو چەکە تەقلیدیانە نەبوو، زەوەند بوون چ لە ڕووی چۆنێتی و چ لە ڕووی چەندێتییەوە: ئەو هەتا پلە و وەزیفەی حوکمەتیشی کردبووە چەکی تێکۆشان، نووسینە فرەبابەتەکانی، گەشت و سەفەرەکانی بۆ دەرەوەی وڵات... لە پاڵ ئەمانە هەموویدا بڕوایەکی پاک و پتەو بەخوا و ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

ئەوە ماوە کە لەگەڵ مامۆستا فەلەکەدین کاکەییدا سۆز و عاتیفە وەلاخەم و ئەو چارەنووسە تراژیدیاییەی بدەمە دەست مێژوو... بڵێم:

«بەهەق و هەقیقەت، شاکر فەتاح وەک عەلائەدین سەجادی وەک پیرەمێرد و مام هەژار، یەکێکە لەو کۆڵەکە پتەوانەی مێژووی سەرهەڵدان و بووژانەوەی کورد، ئەمانە مانیفێستی سیاسییان نەنووسیوە، بەڵام زەمینەی جوولانەوەی سیاسیی کوردیان داڕشتووە».[١]

***

وەک هەنگاوی یەکەم بۆ بەجێهێنانی ئەم پرۆژە پیرۆزە، پەیوەندیم کرد بەخانەوادە بەڕێزەکەی مامۆستاوە لە سلێمانی (جەمیلەخانی هاوسەری و د. شێرکۆی کوڕی)، مەبەست و لایەنەکانی کارەکەم تێگەیاندن و بۆم ڕوون کردەوە و ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئاوها دەربڕی و سوپاسی دەزگەی ئاراسیشیان کرد بۆ ئەو بەتەنگەوە هاتنەی.

هەڵبەت خوێنەری هێژا لە جێیەکی تری ئەم ژیاننامەیەدا دەقی ڕەزامەندێکەی بەڕێز د. شێرکۆ بەختەتی خۆی دەبینێ. هەروا زۆر بەسوپاسیشەوە هەرچی پاشماوەکانی مامۆستایە، لە کتێب و دەسنووس و گۆڤار (ئەوانەی کە ماون) خستیانە بەردەستم تا بەپێی قۆناغەکانی پرۆژەکە سوودیان لێ ببینم.

بەداخەوە لەوەبەر دەستی کەسانێکی تر گەیشتۆتە ئەو کتێبخانە و پاشماوانە، سا بەبیانووی توێژینەوە و نووسین لەسەر مامۆستابێ یا ئەو ژمارە زۆرەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە جەمیلەخان بەدۆڵابەکانەوە داونی بەکتێبخانەی زانکۆی سلێمانی... کە دوور نییە ژمارەیە وێنە و دەسنووس و کاغەزی تایبەتی تێدابووبێ...

ئەوەی خرایە بەردەستی من سێ دۆڵابی بچووکە، یەکیان پڕە لەو نامیلکانەی کە چاپ کراون و وا دیارە هەروا ماونەتەوە، دووەم کۆمەڵێ کتێب و گۆڤاری (کاروان و ئۆتۆنۆمی و ڕۆشنبیری نوێ)یە، لەگەڵ هەندێ کتێبی ئینگلیزی، سێیەم تایبەتە بەدەسنووسی هەندێ لەو کتێب و نامیلکانەی کە چاپی

(١) دەسنووسێکی شاکر فەتاحی شەهید، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل ١٧٩.

کردوون: گەشتەکانی شارباژێڕ و سرۆچک و پێنجوین و... هەروا (ئاوێنەی ژینم) دەقە دەسنووسە ئەسڵییەکانی کە بریتییە لە چوار دەفتەری ٦٠ پەڕەیی و خۆی ژمارەی لەسەر داناون، جگە لە یادەوەرییەکانیساڵی ١٩٣١ - ١٩٣٢ بەپاڵ چەند دەفتەرێکی بچووکەوە کە یادەوەری ئەو سەفەرانەی تێدا نووسیون کە بۆ دەرەوەی وڵاتی کردوون.

جا دوای خوێندنەوەی هەندێ لەو نووسینانەی لەملا و لەولا لەسەر مامۆستا نووسراون و ئەو نامەی ماستەرەی کاک (شوان سلێمان یابە) لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ زانکۆی سەلاحەدین - کۆلیجی ئاداب بەشی زمانی کوردی ئامادەکردووە، ئەوەم بۆ ساغ بۆوە کە بەشێکی زۆر لە دەسنووسەکانی فەوتاون، یا بردوویانە و نەیانگێڕاونەتەوە، لەوانە یادنامەکانی ساڵی ١٩٣٠، دەسنووسی کتێبی تایبەت بە(قضاء عقرة) و دەسنووسی کۆمەڵە ڕۆژنامەی (باسەڕە) و زۆری تر وەک یادەوەری سەفەری لەندەن و تورکیا و تاران.

بۆ ئەنجامدانی کاری پرۆژەکە، سەرەتا وامان بەباش زانی کە بەر لە هەموو شتێ (ئاوێنەی ژینم) کە یادەوەری و یادداشتەکانی خۆیەتی و لە دووتوێی فایلێکدا پاکنووسی کردووە، بکەینە بنەمایەک بۆ ئامادەکردنی (یادداشتەکانی شاکر بەفتاح) و وەک هەنگاوی یەکەم چاپکرێ.

وەک دەزانین شەهید شاکر فەتاح لە ژیانی خۆیدا هەر ئەم ئاوێنەی ژینەی لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا بە سێ بەش بڵاو کردۆتەوە[١]، بەڵام تەواوی نەکردووە. کە چوومەوە سەر ئەو بەشانە و هەتا ئەوەی دووتوێی فایلەکەی بەردەستیشم و بەراوردم کردن، دەرکەوت لەگەڵ ئەو چوار دەفتەرە دەسنووسەی کاتی خۆی نوسیونی، زۆر جیاوازیان هەیە و گەلێک باس و ڕووداوی لێ دەرهاوردووە، (دیارە ئەوەش بەپێی ئەو بار و ڕۆژگارەی ساڵانی هەشتاکان).

جگە لەمە، یادەوەرییەکانی ١٩٣١، ١٩٣٢ کە لە دوو دەفتەری سەد پەرەپێدان و بەخەتێکی زۆر جوان نووسیونی، ئەوانە بەشێکن لە قۆناغێکی گرنگی ژیانی، دیسان ئەو یادەوەرییانەی کە لە پاریس و ئەڵمانیا و قاهیرە نووسینی، هەریەک لەمانە گەواهی چۆنێتی بیرکردنەوە و بۆچوونی پیشان دەدەن، سەرباری ئەمانە دەسنووسی ئەسڵی ئەو ڕۆژنامە دیواریانەی لە: ئاکرێ، خورماڵ، چەمچەماڵ، قادرکەرەم ئامادەی کردوون و نووسیونی (نەک ئەوانەی دوایی لە شێوەی نامیلکەدا چاپی کردن)[٢] هەریەکەیان بەشێکن لە کار و هەڵسوکەوتی مامۆستا لەو سەردەم و ڕۆژگارەی کاربەدەست بووە لەو جێیانە.

سەرباری ئەمانە هەمووی؛ ئەو گەشتانەی کە کردوونی بۆ: شارباژێڕ لە ١٩٢٩، پێنجوین لە ١٩٣٠، سرۆچک ١٩٣٢، هەڵەبجە و هەورامان لە ١٩٣٣. ئەمانە لە ساڵانی ١٩٧٢ - ١٩٧٣ بەدوی یەکدا لە

(١) بڕوانە: ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٣ - ١٠٤، ١٠٥ ساڵی - ١٩٨٤ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

(٢) چونکە هەندێ جیاوازی بەرچاو لە نێوان دەقە دەسنووسەکان و چاپکراوەکاندا هەیە، کە بەپێی باری ئەمڕۆ دەبێ پشت بەئەسڵەکان ببەسترێ.

چاپی داون... بەڵام هەریەکەیان بەشێکە لە یادەوەری ئەو ڕۆژەی کە گەشتەکەی تێدا کردووە. بۆیە بڕیارمان دا ئەمانەی باسمان کردن، هەمووی، هەریەکە و لە جێی خۆیدا بەپێی قۆناغە مێژوویییەکەی بیانخەینە سەر یادداشتەکان و پێیان دەوڵەمەند کەین... جگە لە وێنە و بەڵگەنامەی سەردەمی خۆی.

سەرباری ئەمانە هەمووی، ئەوەی لە توانادابێ لە ناوی کەسان و جێگە و مێژووی ڕووداو و ڕوونکردنەوەی پێویست لە پەراوێزدا بۆی دابنێین، ئەویش بەپشت بەستن بەسەرچاوەی پێویست و پرس و ڕاکردن و سەردانی کەسانی پەیوەندیدار بۆ زیاتر ڕاستی دەرخستن و ڕوونکردنەوە... وەک کارێکی پێویست لە ئاوها پرۆژەیەکدا.

ئەمێنێتەوە ئەو بەرهەمە زۆر و زەوەندانەی تری مامۆستا کە لە چوارچێوەی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)یدا دای ناون، وەریگێڕاون یا ئامادەی کردوون... ئەمانە لە زۆر شوێندا لیستی بۆ کراوە و پۆلێن کراوە و خراوەتە بەردەستی خوێنەر[1]، زۆرتر ئەو بەرهەمانە لە شێوەی نامیلکەدان (چاپکراوەکانیان)، وامان بیر لێ کردۆتەوە کە هەر کۆمەڵە و بەپێی بابەتی خۆی بەدووی یەکدا لە داهاتوودا چاپ کەین و بەم جۆرە:

١- بابەتی ئەدەبی لە چیرۆک و پەخشان و شیعرەکانی.

٢- بابەتی ئەدەبی منداڵان، لە چیرۆک (هی خۆی و وەرگێڕدراو)، نووسین و ئامۆژگارییەکانی، شیعرەکانی... هتد.

٣- بابەتی لێکۆڵینەوە و نووسینی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و...هتد.

٤- بابەتە پەرچڤە (ترجمة) کراوەکان کە لە زمانانی ترەوە گۆڕیونی بۆ کوردی.

٥- کۆکردنەوەی هەموو ئەو نووسین و بابەتانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەعەرەبی نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوە لە چاپدانیان.

دیارە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ئاوا توانا و کارێکی زۆری دەوێ، پشت بەخوا لە داهاتوودا هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدەین.

(١) بەپێی یادداشتی مانگی تەمووزی ١٩٦٤ نۆ مانگ بووە (پرۆژەی خوێندەواری کوردی) لە دایک بووە، (یانی لە مانگی تشرینی دووی ١٩٦٣وە) لەوێدا یەکەم جار ناوی دێنێ. لە پاییزی ١٩٦٧دا لە ڕۆژنامەی برایەتی ژ ٢١٤, ٢١٥دا پرۆژەکەی بڵاوکردۆتەوە هەروا لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٤ لە ژمارە (١٠٢)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا بەدوور و درێژی گشت لایەنەکانی پرۆژەکەی خستۆتە ڕوو، بێجگە لەمە لە (دەسنووسێکی شاکر فەتاحی شەهید)دا کە مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی و مەحموود زامدار ئامادەیان کردووە چەند بەشێکی پرۆژەکە دیسان خراوەتە ڕوو.

یادداشت لەلای شاکر فەتاح

بەبڕوای من، چونکە مامۆستا هەر لە قۆناغی هەرزەکارییەوە خولیای خوێندن و نووسینی کەوتۆتە مێشکەوە و چونکە هەر لە بەرەبەیانی فامکردنەوەیدا خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمانی لە دڵدا جێگیر بووە، جا مەسەلەی وشیارکردنەوە لای ئەو بۆتە مەبەستێکی هەرە گرنگی لە پێداویستییەکانی هەنگاونان بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی، بۆیە دەبینین هەر لە زووەوە دەستی داوەتە ئەم کارە، لە هاویناندا چووە بۆ ناوچەکانی دەوروپشتی سلێمانی، ئەو وەک دەیان لە هاوەڵەکانی کە ڕەنگبێ هەمان گەشتیان کردبێ، بەڵام جیا لەوان، مەبەستی تایبەتی خۆی بووە، ویستوویە چۆنێتی ژیان و گوزەران و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکەکە و سروشتی ناوچەکە بخاتە ڕوو، لە شێوەی گەشتنامەدا بۆ دوارۆژ تۆماریان کات. دیسان لە کاتی خوێندنی لە لوبنان -برومانا- و دواتر شوێنانی تر، ئەمانە هەمووی دەبنە ژێدەرێک بۆ باری فرەلایەنی ژیانی خۆی و نەتەوەکەی لەو سەردەمانە.

ڕاستی تۆمارکردن و گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، یەکێکە لە خولیاکانی مامۆستا، هەروا ڕاگوزاریانە بەڕووداوەکاندا تێنەپەڕیوە، لێکی داونەتەوە و توێژینەوەی لەسەر کردوون، ڕاستی هەرچەندە تاڵیش بێ ئەو نەیبواردووە... هەتا دەربارەی خودی خۆی و ژیانی خێزانی لەگەڵ دایک و باوک و هاوسەریدا، یان لەگەڵ ئەو ڕووداو و هەواڵانەی دواتر مەبەستی بوون و تۆماری کردوون.

لەم ڕاستی وتنەیدا، نووسەر بەها و نرخی یادداشتەکانی گەلێ بەرز دەکاتەوە ڕادەی بڕواپێکردن (مصداقیة) پێیان بەهێزتر دەکات ، جا وەختە لەم حاڵەتەدا بگاتە ڕاستگۆیییەکانی (ژان ژاک ڕۆسۆ[1] و هنری شاریێر، پاپیۆن[2]ی فەرەنسی و کۆڵن ویلسن[3]ی بەریتانی و گەلێکی تر) کە لە یادداشتەکانیاندا وردترین ساتەوەختی ژیانیان فەرامۆش نەکردووە... هەتا شتە تایبەتییەکانیش.

باسەکانی تافی منداڵی و پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزانەکەی، حەز و ئارەزووی خۆی لە بەغدا و موعاناتی لەگەڵ پێکهاتە و هەڵکەوتەی جەستەیدا، ئەو هەواڵانەی دەربارەی کورد و جووڵانەوە سیاسییەکان دەینووسێ:

(ئەی خوێندەواری خۆشەویست، تۆ وا تێنەگەی ئەم هەواڵانەی ئێمە لێرەدا دەینووسین خۆهەڵبەست یاخود لە بیستنێکی بێ سەروپاوە بیگۆڕینە سەر نووسین و لێرەدا بیخەینە پێش چاوت... هەرچی هەواڵێ ڕاست نەبێ، خۆمان بەتەواوەتی نەچینە بنج و بناوانی لێرەدا ناینووسین، چونکە ئەگەر وانەکەم ئەو حەلە

(١) ژان ژاک ڕۆسۆ: ١٧١٢ - ١٧٧٨ نووسەر و فەیلەسووفی فەرەنسی، خاوەن کتێبە بەناوبانگەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)یە، یادداشتەکانی بوێرانە نووسیوەتەوە، بۆچوونە سیاسییەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو بۆ سەر بیروباوەڕەکانی شۆڕشی فەرەنسا.

(٢) هنری شاریێر -پاپیۆن- خاوەنی یادداشتەکانی زیندانییەک -پەپوولە- ١٩٦٩.

(٣) کۆڵن ویلسن: فەیلەسووفی بەریتانی و خاوەنی دەیان کتێبی وەک: رحلة نحو البداية اللامنتمي... کە تیایاندا بەڕاستییەکی سەیرەوە باسی یادەوەرییەکانی خۆی دەکا.

ئەم نووسراوەیە بەهای پووشکەیەکی نابێ، ئینجا ئەو حەلە هەرچی ڕەنجێکم تیا داوە بە با دەچێ. ١٨/٤/١٩٣١).

ئەوەی یادداشتەکانی بەوردی بخوێنێتەوە تێدەگات کە ئەو پیاوە ویستوویە تەجرەبە تاڵ و شیرینەکانی ژیانی خۆی و دەوروبەر و نەتەوەکەی بکاتە پەند و ئامۆژگارییەکی سوودبەخش بۆ نەوەکانی دوای خۆی، هەروا بەدیارخستن و هێشتنەوەی گەلێ ڕاستیی مێژوویی وەک خۆیان و ڕزگارکردنیان لە فەوتان و ئاوەژووکردنەوە.

جگە لەمانە لەم یادداشتانە و نووسینەکانی تریدا، دەبینین هەر لە سەرەتاوە مامۆستا بۆ دارشتنی باسەکانی هەتا بۆی کراوە پەنای بردۆتە بەر کوردییەکی پوختی ڕەوان، کە ئەمەش لایەنێکی دەرخستنی سەربەخۆیی زمانەکەی بووە، شاکر فەتاح لە پێشەنگانی نووسینی پەخشانی هونەریی کوردی بووە، بۆ ئەمەش دەیان وشە و زاراوەی کوردی ڕەسەنی لە بەرهەمەکانیدا بەکارهێناوە و هەتا هەندێکیان بوونەتە سیمایەکی تایبەتی شێوازی نووسین و دەربڕینی ئەو.

جا با سەرنج دەینە ئەم ڕستە و وشە و زاراوانە کە تایبەت بەکاری هێناون:

ئاهەنگی نەژادانە: ڕێزلێنان، تكريم
ئاودان: مەتارەی ئاو، ترموس
ئەستوورک: سەمون
باڵباز: پۆلیس
بنکەی لادێ: مركز ناحية
بیدەوبستێن: بازرگانی، تجارة
بیرکە: بیرۆکە، فكرة
پرسش: لێکۆڵینەوە، لێپێچینەوە، تحقيق
پشتیوان: پارێزەر، محامي
تەڕاودان: تازەکردنەوە، بۆیەکردنەوەی خانوو و ناوماڵ (دەست پیاهێنان -تعمير- ناگرێتەوە)
تیژکردن: هاندان، دنەدان، تحريض، تشجيع
جەزرەبە: سزادان، قصاص، عقاب
جێنشین: قایمقام
چادەر: چایچی
چاوئەنداز: دیمەن، منظر
چرووک: لاواز، ضعيف؛ بەم دوو مەبەستەی بەکارهێناوە، بەڵام بۆ (ڕەزیل. ڕژد، پیسکە)ش بەکاردێ.
خاک: ناوچە، دەڤەر، لواء (وحدة إدارية)

خۆرە: میکرۆب
خۆرشت: خواردن، غذاء
دەزگای ژیاندن: (دائرة الأعاشة)
دەستە: حیزب، پارتی سیاسی
دەستنێژ: دامەزراو، بنیاتنراو
دەلیا: فەرهەنگ، قامووس
ڕەنگرێژی: پلان دانان، نەخشەسازی، تخطيط
ڕێباز: شۆستەی شەقام، پێڕەو
زرنگکاری: سیاسەت
زیچوین: زیوین، وەک زیو، فضّي
سازاندن: هەرسکردن، عملية الهضم
سەرئەفراز: سەربەرز
سەرکۆمار: ئەفسەر، ضابط
سرەوت: پشوو، إستراحة
شاگرد: قوتابی، تلميذ
فەرمانڕەوایی: ڕژێم، حکوومەت، سلطة
فسیاندایەوە: دامرکانەوە، خامۆش بوونەوە، هێدی بوونەوە.
فیفرە: شمشاڵ
کاربەدەست: وەزیر
کارگێڕی لادێ: بەڕێوەبەری ناحیە
کەڵکەوەر: سوودبەخش
کوشتی خانە: قەسابخانە، مجزرة
کۆڕی نەتەوە: پەرلەمان، مجلس الأمة
کۆگرە: کۆنگرە، مؤتمر
کێڵگەی باو: مزرعة حديثة
لادێ: ناحیە (وەک یەکەیەکی ئیداری)
لاسایی کردنەوە: تەمسیل کردن، شانۆگەری
مانگی ڕۆژوو: ڕەمەزان
مشتاخان: مانگی ئەیلوول (سەپتەمبر)
میم وەستا: مامۆستای ئافرەت، معلمة

میوەخۆش: مانگی تەمووز (ژولای)

ناتەواو: ئیکمال (لە تاقیکردنەوەی خوێندندا)

ناردن: ناردن بۆ خوێندن لە دەرەوە، البعثة

ناوچە: قەزا (وەک یەکەیەکی ئیداری)

نووسراو دان: دۆلابی کتێب، مکتبة

وردەوالا: (کائنات مجهریة)

هەڵبەسە: دڵداری (لە شیعردا)، غزل

لەخۆبووردن: پیاهەڵدان (لە شیعردا)، مدح

لاوانەوە: (رثاء)

لێچوون و لەوچوون: (مشبە و مشبە بە)

لاوە: (نسخة)

یەک تاکی: (فردي)

ئێمە پێشەکییەکەمان لەمەڕ یادداشتەکانی شەهید شاکر فەتاح لێرەدا دەبڕینەوە، ئەوەی کە مابێ بۆ بەشەکانی دی کە پشت بەخوا لە داهاتوودا ئامادەیان دەکەین و چاپ دەکرێن.

دیارە بۆ هەریەکێ لەو بەشانەی پێشتر ئاماژەمان پێ دا نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل هەڵدەگرێ، تا بەهەمووی ببنە دیراسەیەکی فراوانی هەمەلایەنەی ئەو پرۆژە پیرۆزەی ئاواتەخواز بوو لە ژیانیدا بیگەیەنێتە ئەنجام و بەو نەتەوەیەی پێشکەش کات کە تا گیانی سپارد هەر خۆشی دەویست.

(هەروەک لە خودابییەوە پاداشتێکی گەورەم درابێتێ وابوو، بەرە بەرە چووە دڵمەوە؛ ئەم کارەی بەدەستمەوەیە کە بریتییە لە «پرۆژەی خوێندەواری کورد» بەرز و پیرۆزە... ڕۆژێک دێ تیشکی کەڵک و چاکە و فەڕی بەگشت لایەکی کوردستاندا پرشنگ دەدات).

سڵاوی ڕێز و نەوازش بۆ شاکر فەتاح کە بەدرێژایی تەمەن تێدەکۆشا بۆ هێنانەدی ئازادی و ژیانێکی بەختەوەر بۆ نەتەوەکەی... بۆ شەهیدی ئازادی بیروڕا دەربڕین.

درووود بۆ گیانی پاکی و جەستە پیرۆزەکەی لە هەر کوێیەک بێ.

ئەحمەد

٢٠٠٢/٦/٢٤

سلێمانی

پێشەکی

خوێندەواری خۆشەویست!

ئەم نووسراوە بریتییە لە چیرۆکی ژیانی پیاوێک پشتی بەخۆی دەبەست و بڕوای بەخودا هەبوو بەڵام بڕوای بەچارەنووس (قضاء وقدر) نەبوو.[(١)]

کە لە تەمەنی چواردەساڵیدا ڕاپەڕی و چاوی کردەوە، بۆی دەرکەوت هەر پەروەردەکردنێکی لە باوک و

(١) وا بزانم پێویست بەوە ناکات کە مامۆستا لەگەڵ ئەو باوەڕە پتەوەیدا بەخوا و ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوەی لەلا شاردراوە بووبێ کە باوەڕ بەقەزا و قەدەر یەکێکە لە شەش پایەکانی ئیمان و ئەمانە بەهەموویان یەکەیەکی تەواوکەر (وحدة متكاملة) پێک دێنن و موسوڵمانی تەواو ئەو بوارەی نییە کە لەوانەدا (إنتقائي) بێ... چونکە کە باوەڕ بەیەکێ لەو شەش پایەیە لاواز و لەق بوو یا خوانەخواستە نەبوو، ئەوا پێنجەکەی تریش یەک بەدوای یەکدا لەق دەبن و پەنا بەخوا ئەو کەسە بێ باوەڕ دەبێ. لێرەدا مامۆستا لەو ڕووەوە باس لە قەزا و قەدەر دەکات کە دوو بەشی باوەڕی حاڵی و ویژدانین، نەک زانستی و تیۆری، کەواتە هێند لەسەر ئەم ڕوکنەی ئیمان کوڵراوەتەوە و باس هەیە (لە ڕاستیشدا بەپێی سروشتەکەی هەڵدەگرێ) لەسەر ئەوانی دی نییە و ئەوان بەدیهیاتن و قابیلی وتوویژ و تاوتۆکردن نین. (ئەوانەش کە لە ناوەندی چەمکەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا لە قەدەر نەکۆڵیونەتەوە، لە ڕێ ترازاون و دووچاری گومڕایی بوون. عەقلانییەتی موعتەزیلەکان و حەتمیەتی جەبرییەکان هەندێکن لەو گومڕایی و لە ڕێ ترازانە).[(١)] مامۆستا خۆی لە جەبرییەکان دوورەکەنار گرتووە کە هەموو کردارێک لە عەبد وەلا دەخەن و دەیدەنە پاڵ خوا، بەچاکە و خراپەوە، مامۆستا شێخ محەمەد عەبدە ئاسا بیری لەوە کردۆتەوە کە: ئەوانە (يؤمنون ثم يستدلون بدلاً من أن يبنوا إيمانهم على إستقراء الوقائع والأستدلال). ئەگەر زیاتر بچینە ناو باسەکانی ئەم ژیاننامەیەوە، باشتر تێدەگەین کە مامۆستا لەوانە نەبووە کوێرانە و بێ بناغە دوای بیروبۆچوون و دیاردە ژیاربییەکان بکەوێ... لێیانی کۆڵیوەتەوە، تاوتوێی کردوون، پشکنیونی، ئەوسا بەپوختی ڕای دوایی خۆی دەربڕیوە. ئەو مەودا و بواری بۆ توانست و خواست و ئیرادە و ویستی عەبد هێشتۆتەوە ئەوسا پشتی بەخوا بەستووە کە چاکترین و باشترین یارمەتیدەر و پشت و پەنایە (فاذا عزمت فتوكل على الله - محمد/٢١). (إن خلق العمل في الأنسان يكون بعد قصدة العمل وتلبسه به. فالفعل يقع لامحال ولكن ليس جبراً من الله تعالى للعبد. فالله تعالى يرضى من عبده فعله الحسن وهو الموافق لأوامره، ولايرضى له أن يعمل القبيح وهو فعل مانهي عنه).[(٢)]

(١) *محمد فتح الله گولن، قەدەر لە ڕووناکی قورئان و سوننەت دا، گۆڕینی فاروق رسول يحيى، چاپخانەی نازە هەولێر ٢٠٠١، ل ١٤.*

(٢) *د. عبدالملك عبدالرحمن السعدي، شرح التسفية في العقيدة الأسلامية، ط١ دار الأنبار، بغداد ١٩٨٨، ص١٠٨-١١١.*

دایکی و خوێندنگاکانی و، کۆمەڵایەتییەکەیەوە کراوە، بەکەڵکی ژیانی نەهاتووە، تا بتوانێ بەرگەی ژیان بگرێ و، خۆشی لە ژیانی خۆی بچێژێ، بەڵکو زیانی زۆریشی پێ گەیاندراوە، لەبەر ئەوە بڕیاری داوە:

١- هەوڵ بدات، خۆی بکات بەمامۆستای خۆی و سەرلەنوێ خۆی پەروەردە بکاتەوە و، خۆی پێ بگەیێنێ تا خۆشی لە ژیانی خۆی ببینێ.

٢- هەوڵیش بدات، نەتەوەکەی خۆی وریا بکاتەوە و، ئەویش هەموو تاکێکی هەوڵ بدات ببێتە مامۆستای خۆی و، سەرلەنوێ خۆی پەروەردە بکاتەوە و، خۆی پێ بگەیێنێ، تا بتوانێ خۆشی لە ژیانی خۆی ببینێ.

خۆپێگەیاندنیش بۆ ئەو ئاسان نەبوو، چونکە شارەزایی دەویست لە زانستەکان و هونەرە جوانەکان و خوداناسی و ئاییندا. لەبەر ئەوە هەتا توانی ژمارەیەکی گەورەی لە نووسراوانی (ئایین) و (وێژە) و (مێژوو) و زانستەکانی (پەروەردەکردن) و (ڕاهێنان) و (خۆناسین) و (کۆمەڵایەتی) و (تەندروستی) و(هونەرەکانی ژیان) و(هونەرەجوانەکان) خوێندەوە، بۆ ئەمەی بەکاریان بهێنێ لە پەروەردەکردنی خۆیدا. ئەوەی لە هەموویان بەکەڵکتر بوو، بۆ ئەوە، (خوداناسی) و (ئایین) بوو، چونکە هەرچی ڕەوشت و خووی جوان و، کرداری شیرین هەیە، لەو سەرچاوەیەوە دەستی کەوت و خۆی پێوە ڕاهێنا. تەنانەت (نیشتمانپەروەریی) و (گەل پەروەری) و (مرۆڤ دۆستی)یش لە خوداوە فێربوو. ئینجا کە توانی ببێتە مامۆستای خۆی، دەستی کرد بەپێگەیاندنی خۆی.

هەرچەندە تا ئەم پەروەردەکردن و خۆپێگەیاندنە گەیشت بەئەنجام، گەلێک ساڵی پێ چوو، بەڵام خوداناسییەکەی و باوەڕکردنەکەی بەخودا، هەر لە یەکەم ساڵەوە، ڕێگای بۆ ڕۆشن دەکردەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی دەهاتنە بەردەمی و، ئەو تەنگ و چەڵەمە و کەند و کۆسپانەی تووشی دەبوون. ئینجا کە خۆ پێگەیاندن و پەروەردە کردنەکەی، گەیشتە ئەندازەی خۆی، بەرە بەرە باری ژیانی بەجارێک گۆڕا.

لە (هەژاری)یەوە گۆڕا و بوو بە(دەوڵەمەندی)

لە (نەخۆشی)یەوە گۆڕا و بوو بە(تەندروستی)

لە (نەخوێندەواری)یەوە گۆڕا و بوو بە(ڕۆشنبیری)

تەنانەت وای لێ هات دەستی دەدایە هەر شتێک، هەر کاروبارێک تێیدا سەردەکەوت. جاری وایشی بۆ هەڵدەکەوت، کە لەم سەرکەوتنەوە بازی دەدا بۆ ئەو سەرکەوتن. ئەنجامی ئەمەیش بەوە گەیشت تێکڕا بەزۆربەی ئاواتەکانی خۆی گەیشت. (کامەرانی) و(سەربەرزی) و (خۆشەویستی) و (خۆشگوزەرانی) بوون بەهاودەمی.

خوێندەواری خۆشەویست!

ئەم پیاوەی باسیم بۆ کردیت، (شاکر فەتاح) بوو، ئەگەر لاپەڕەکانی ئەم نووسراوە کە ناوم ناوە (ئاوێنەی ژینم) بخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت تا چ ئەندازەیەک لە (ژیانی تایبەتی) و لە (ژیانی گشتیی)مدا سەرکەوتنم دیوە. منیش کە ئەم نووسراوەم پێشکەش کردوویت، بەو مەبەسەیە کە تۆ کەڵک و خۆشیی لێ ببینیت. لە هەڵەکانی من خۆت دوور بخەیتەوە، لە کردەوە چاکەکانیشم خۆت نزیک بخەیتەوە. تۆیش ئەوەت لەبیر نەچێ کە وەک من سەرلەنوێ، بەو شێوەیەی من کردوومە، خۆت پەروەردە بکەیتەوە و، خۆت پێ بگەیێنیت، تابتوانیت کەڵک و چاکە بەخۆت و بەنەتەوەکەت بگەیێنیت.

خودای گەورە ئەم بەهەشتی سەر زەمینەی بەخۆڕایی پێ نەبەخشیوین. بۆ ئەمەی پێ بەخشیوین کە تا سەر بەخۆشییەوە تێیدا بژین. ئەم ئاژاوە و پشێوی و پەژارەیە و، ئەم شەڕ و شۆڕ و شۆڕش و جەنگە و، ئەم جوێن و خوێنەی کە لە هەموو لایەکی جیهاندا ڕوو دەدەن، ئەم هەموو پشم و قین و بەربەرەکانێ و دوژمنایەتییە، ئەم هەموو فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی و گزی و دزی و فزییە، کە لە جیهاندا دەیانبینین، ئەم هەموو ماڵوێرانی و سەرگەردانییەی کە بەسەرماندا دێن... ئەمانە هەموویان لە ئەنجامی خودانەناسین و شکاندنی یاسای خودابییەوە لێمان ڕوو دەدەن. کەواتە ئەگەر بمانەوێ تا سەر بەخۆشی و کامەرانییەوە بژین، بام پەیڕەوی دەستووری خودا بکەین و، لە پێناو دڵ ڕاگرتنی ئەودا خۆمان بەخت بکەین و، وەک برا و خوشکی یەکتر. بام خۆشەویستی و برایەتی و دۆستایەتی و یارمەتیدان و بەزەیی هاتنەوە، ببنە چرای ژینمان و تا سەر بەسەربەرزی و کامەرانی و تەندروستی و خۆشگوزەرانییەوە بژین.

شاکر فەتاح

«خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد»

سلێمانی

١٩٨٨/١٢/٣١[١]

(١) لە دەسنووسە ئەسڵییەکەی مامۆستادا ئەم مێژووە نووسراوە، هەروا لە جێی تریشدا لە کۆتایی ئەم یادداشتانەدا، لە کاتێکدا خۆی لە ١٩٨٨/٣/١٨ەوە دەزگیرا کراوە... جا هۆی ئەمەم بۆ ڕوون نەبۆوە.